

# باسکردنی قەیرانی هونەریی و لێکەوتنەوەی قەیرانێکی تر

گۆشەیەکی هونەرییە دیاری قەرەداغی دەینوسێت

● قسەکردنە بەردەوامەکان بەشێوەیەکی گشتی و نازانستی لە سەر قەیرانەکانی گۆرانی کوردی دەتخاتە بەردەم دەرگایەکی داخراو بۆ شیکار کردن و باسکردن لە رووە هونەرییەکانی ئەم لایەنە، هەردەم قسەکانی ئێمە و ئێوەش بۆ هونەری گۆرانی و موزیك قسەی گشتی بوون، کەم قەڵەم بوێرانە دەستی خستۆتە سەر ئەو گرفتانەی لە رووی تەکنیکەوە دووچاری هونەری گۆرانی و موزیك بووە.. گەر بە وردی لە زۆریك لە چاوپێکەوتنەکانی هونەرمەندان سەرنج بدەین دەبینین زۆرێك لە رەخنەکانیان ئەمانەن: « *بۆ حکومەت یارمەتی هونەرمەندان نادات تا هونەرەکەیان پێش بکەوێت ؟ پێویستە سانسۆر هەبێت لە دەزگا راگەیاندنەکان تا بەر بەم پاشاگەردانییە بگیرێت. کۆپی نەکردنی بەرهەمی هونەرمەندان و گەڕانەوەی ماف بۆ مافخوراوان کە هونەرمەندە. گرنگیدان بە توێژی لاوانی هونەرمەند و فەرامۆش نەکردنیان و چەندین قسەی وەها و گشتی تر* »..

کەمجار هەڵکەوتووە یەکێك پێمان بڵێت چۆن چۆنی حکومەت یارمەتیدەر بێت و شێواز و میکانیزمی یارمەتیدان چۆن بێت و چ جۆرە پێشنیارێك بکرێت بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی گونجاو یارمەتی و کۆمەکەکان پێشکەش بکرێت ؟؟ یان چۆن و بە چ سیستەمێك سانسۆر لە میدیاکان دابنرێت، چونکە بەر لە دانانی بیرۆکەی سانسۆر دەبێت کەسی گونجاو و سانسۆریست زەمینەسازی بۆ بکرێت تا لەو بوارەدا باڵا دەستی بکات،خۆ ناکرێت بە دانانی یەك دوو هونەرمەند لەو جێگایەدا ئیتر کارەکان مەیسەر بێت ؟

یان چی بکرێت لە میللەتێکی تەواو هەژار بە هەموو کایەکانەوە تا ئێمە بێین هەموو ئەمانە فەرامۆش بکەین و بێ چارەسەر بیانهێڵینەوە و تەنها بانگەشەی ئەوە بکەین و بڵێین " **کۆپی مەکە** "!! کۆپیکردن دەرئەنجامی کۆمەڵە کێشە و کەموکوڕییەکە کە دەبێت ئاگاداریان بین.. دەپرسم ئایا گەنجێکی بێکار کە بەهەزار قەرزو بێنەو بەردە و گیروگرفت و بۆڵە بۆڵی کەسوکار لەو چەند وەختەی بێکارییدا کە ئێستا دوکانۆچکەیەکی بچوکی سیدی فرۆشتنی داناوە، چۆن دەتوانین پێی بڵێین دەبێت جیهازەکانت بشکێنیت و لایان بەریت تا کاکی هونەرمەند سیدییە ئۆرجیناڵەکەی بفرۆشرێت ؟؟ کێن ئەوانەی لاوان فەرامۆش دەکەن ؟؟ دەبێت بە وردی و چاونەترسانە بوترێن.. دەبێت رەخنەو پێشنیاری دروست بگاتە جێگای خۆی ئەگینا تەنها بڵقی سەر ئاو دەبێت و هیچیتر ئەی دەبێت ئەم توێژەی لاوان خۆیان چۆن بن و ئایا کەمتەرخەم نین ؟ دەیان شیکاری وردتر پێویستە وەك لەم قسە و باسە گشتگیرانە.

هەمیشە بۆ ئەوە دەچم کە قسەکردن لە سەر رەهەندێکی دیاریکراو قورسترە لەوەی تۆ بە گشتی باس لە سەراپای شتەکان بکەیت و نەشزانیت چی دەڵێیت.. ئەوەی هۆکارە بۆ کزی ئەم لایەنە ئەویش کزی و لاوازییە لە ئاستی رۆشنبیری ئەم بەرەیە کە هونەرمەندانن..کەچی داخەکەم لە دەرەوەی قسەکردنی هونەرمەندانیش کەم رێکەوتووە رۆشنبیران و کەسایەتییە هەڵکەوتووەکانی بواری فیکرو ئەدەب و فەلسەفە و بوارەکانی جوانناسی بێنە دووان و باسکردن..

بەگشتی لەم کورتە وتارە جارێکیتر تیشك دەخەمە سەر کەم دەستەڵاتی بواری هزرو مەعریفەی هونەرمەندان و رۆشنبیران بەرامبەر بە رەهەندە جیاجیاکانی هونەری گۆرانی وموزیك.. کە بەردەوام ئەم کەمدەستییەی نووسین و باسکردنی هونەریی دەرگایەکی دی والا دەکات بۆ دروستبوونی مۆدێلێکی سەیر لە قسە کردن کە هیچ بەرهەم ناهێنێت.. هەندێکجار ئەو هونەرمەندەی کە خۆی دروستکەری کێشەکەیە وامان تێدەگەیەنێت کە ئەوانی تر هەموو خەتاکارن و تەنها ئەم رێرەوێکی تەندروستی گرتووە !! بۆیە هەمیشە قسەکانمان لە یەك دەچن ..

پرسیارە بێتامەکانی رۆژنامەنووسان کە زۆرکەم دەزانن لە دنیای بەرینی هونەردا چ پرسیارێك دەکەن و چەند پرسیاریش دەکەن ؟؟ هەموشیان کە دێنە بەردەمت پێتدەڵێن: نامانەوێت چاوپێکەوتنێکی تەقلیدی دەربچێت وەك ئەوانەی تر..

ئەم وتارە بۆ ئەو لایەنە سەرنجتان رادەکێشێت کە قسە کردن لە دنیای هونەر قورسە و هەروا ئاسان نییە کە رۆژانە باسی دەکەین ..بۆیە ( بێدەنگ بوون ) سودمەندترە بۆ رای گشتی لەو تێکەڵ و پێکەڵییەی کە رۆژانە گوێمان لێیەتی..